# خۆپیشداندانی گەنج و رۆشنبیرانی باڵەکایەتی دژی تیرۆرکردنی رۆژنامەنووسی لاو (سەردەشت عوسمان)

ئێـوارەی رۆژی 2010/5/11 کۆمـەڵێك لـە گـەنج و رۆشـنبیرانی باڵەکایـەتی، بەمەبەسـتی ئیدانـەکردن و ریسـواکردنی تـاوانی کوشـتنی رۆژنامەنووسـی لاو (سەردەشت عوسمان)، لە پارکی چۆمان خۆپیشاندانێکی هێمنانەیان سازکرد.

سـەرەتا بەیاننامـەی گـەنج و رۆشـنبیرانی باڵەکایـەتی لەلایـەن (سـۆران ئـازاد) خوێندرایەوە و دواتر ئامـادەبووان بەپێنووسـەکانیان ئیدانـەی ئـەم کـردەوە دژە مرۆڤانەیان کرد و داوایان کرد هەرچی زووتـرە بکوژانی (سەردەشـت عوسمـان) بدۆزرێتـەوە. پاشـان کورتـە باسێك لەسـەر میـدیای ئـازاد لـە جیهانـدا لەلایـەن رۆژنامەنووس (کەمال چۆمانی) باسکرا و تێیدا روونکرایەوە کـە هـیچ پاساوێك بوونی نییە بۆ کوشتنی رۆژنامەنووسان.

ئامادەبووان بەنووسینی چەند دێرێك لەسەر پەراوەکان ئیدانەی ئەم کردەوەیان کرد. لەسەر رووپەرەکان نووسیان: (بـە گولـە وەڵامـی قەڵـەم نادرێتـەوە) ، (بـێ ئازادیی مانایەکی جوان بۆ ژیان شك نابەین) ، (گـەلی کـورد خـوێنی داوە لەسـەر ئازادی، خـوێن مەرێـژن لەسـەر ئـازادی قەڵـەم) ، (نـا بـۆ کوشـتنی قەڵـەم، نـا بـۆ کوشتنی ئازادی) ئەمانە و چـەندین دێـری دیکـە هـەڵقوڵاوی نـاخی ئامـادەبووان بـوو، بەرامبـەر ئـەم کارەسـاتە دڵ هەژێنـە. هـەمووانیش دەیـانوت (بۆچـی زەردەشتان کوشت..؟).

ماوەتەوە بڵێین ئامـادەبووان پێکهـاتبوون لەچـەندین چـین و توێـژ و رێکخـراوە مەدەنی و حیزبییەکان و وە چەندین کەناڵ و رۆژنامەی ئامادەییان هەبوو.

"پێشەوا فەقێ" یەکێك لە دەستەی رێکخەرانی خۆپیشـاندانەکە راگەیانـد: "تـا ئـەم کارەسـاتانە بـەردەوام بـن ئێمـەش بێـدەنگ نـابین، کوشـتنی سەردەشـت ئیدانەکردنی مافەکانمانە. بۆیە داوا دەکەین کاری جدی لەم بارەیەوە بکرێت".

دەقی بەیاننامەکە بەم شێوەیە بوو:

**لەكوێدا ئازادی تیرۆركرا.. لەوێدا مرۆڤایەتی لە قەیراندایە**

بەبۆنەی ئەو كارەساتە ترس ئامێزەی، كە رۆژنامەنووس (سەردەشت عوسمان) تێیدا تیرۆركرا، وەك گەنج و رۆشنبیرانی باڵەكایەتی، ئەو كردەوە نامرۆڤانەیە شەرمەزار دەكەین و دڵگرانی خۆمان رادەگەیەنین.

پێمان وایە ئەو كەسانەی كە هەڵساون بە تیرۆركردنی شەهید سەردەشت، دژی گشت بەها جوانەكانی ژیانن و بۆ بێدەنگیكردنی كۆمەڵگە تەنها مەرگ شك دەبەن. ئەوانە بكوژی ئازادین، مەیلێكی ستەمكاری ترسناك كە بەهیچ جۆرێك لەگەڵ پێویستی و ڕەوڕەوەی شارستانیەت ناگونجێت ئاراستەیان دەكات. ئاشكرا و دیارە ئەو كردەوەیە دژی هەموو بەها جوانەكانە، بەتایبەتی دژی ئینسانیەت و مافەكانی. وە ئامانجی ئەو كارە ترسنۆكانەیە ئەم ئەزموونەی هەرێمی كوردستان دەخاتە ژێر پرسیارەوە. چونكە ئەم ئەزموونە بچووكە بەخوێنی هەزاران شەهید و دەیان ساڵ تێكۆشانی شۆرشگێرانی گەلەكەمان و قوربانی دانێكی بێ شومار هاتۆتەدی. بۆیە مافی هیچ كەس و گروپێك نییە، بە كوشتن و تۆقاندن ئەزموونەكە ناشیرین بكات ! بە ئەركی دامەزراوەكانی هەرێمی كوردستان و بەتایبەتیش سەرۆكی هەرێمی كوردستان و لایەنە پەیوەندیدارەكانی كوردستانی دەزانین، هەرچی زووە بكوژانی شەهید (سەردەشت عوسمان) و ئەوانەشی لە پشتیانن بدۆزرێنەوە و بەسزای خۆیان بگەیەنن.

ئێمە بەناوی كۆمەڵێك لە رۆشنبیر و گەنجانی باڵەكایەتی، هاوخەمی خۆمان بۆ بنەماڵەی شەهید سەردەشت دووپات دەكەینەوە، پشتیوانی لەو دەنگانە دەكەین كە كار بۆ دۆزینەوە و بەسزا گەیاندنی بكوژانی شەهید سەردەشت دەكەن، داواكارین حكومەتی هەرێمی كوردستان خەمساردی نەكات لە ئەنجامدانی ئەركەكانی، چونكە كوشتنی رۆژنامەنووس (سەردەشت) واتە كوشتن و تیرۆركردنی ئازادیی.

**هەروەها داواکارین کە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان و نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ئاست ئەم کارەساتە تاسێنەرە بێدەنگ نەبن و لەپێناوی گەڕامدنەوەی بەها بۆ مرۆڤایەتی و چەسپاندنی مافی ئازادیی بیرورا دەربڕین، هەوڵی جدی خۆیان بدەن.**

**بژی کوردستان، بژی ئازادی. ڕوورەش و سەرشۆڕ بن تیرۆر و تیرۆستان.**
**درود بۆ شەهید سەردەشت.**

**ڕۆشنبیر و گەنجانی باڵەکایەتی.**




ئازادی دەکوژرێت ، بەڵام عیشق و ئازادی بالاتر دەبێت...






FIRAT



